هێشیار زێباری: کۆبونەوەی ئەمڕۆی هەولێر لە نێوان مەسعود بارزانی و مەزڵوم کۆبانێ گرنگە بۆ بەهێزکردنی یەکڕیزیی کورد

مەسعود بارزانی و مەزڵوم کۆبانێ لە هەولێر کۆبونەوە و هێشیار زێباری، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی پارتیش دەڵێت، دەستکەوتێکی گرنگە بۆ بەهێزکردنی یەکڕیزیی کورد و پێگەی کورد لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی نوێی سوریا لە دیمەشق.

هێشیار زێباری لە پەیامێکدا لە هەژماری تایبەتی خۆی بڵاویکردەوە، "کۆبونەوەی ئەمڕۆی هەولێر لە نێوان مەسعود بارزانی و مەزڵوم کۆبانێ، فەرماندەی گشتی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) لە هەولێر، دەستکەوتێکی گرنگە بۆ بەهێزکردنی یەکڕیزیی کورد و پێگەی کورد لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی نوێی سوریا لە دیمەشق بۆ راگواستنێکی سیاسی ئارام، سوپاس بۆ هەمو هاوپەیمان و دۆستەکانمان".

ئەوە یەکەمین کۆبونەوەی نێوان مەسعود بارزانی و مەزڵوم کۆبانێیە، بەگوێرەی زانیاریەکانی خەندان، پێدەچێت سێ کۆبونەوە لەنێوان ئەو دو سەرکردەیەی باشوری کوردستان و رۆژاڤای کوردستان بەڕێوە بچێت.